# نسکۆی کەمالیزم!

ڕەشاد - مستەفا سوڵتانی
ئۆکتۆبری ٢٠٠٨ سوید

کەمالیزم هەر ئێستا بە پێوانە ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی دەورانی گلوبالیزم لە چڵە پۆپەی خۆیدا نەماوە، نسکۆی بەرچاوی کردووە، قەڵاکەی درزی هەڵگرتووە ،خەزان ڕووی تیکردووە و ماوەی بەسەرچووە. مستەفا کەمال وەک ئەفسەرێکی لیهاتوو و زانا، توانی هەموو نەتەوەکانی تری تورکیا،لە وانە ئەرمەنی و کورد بە قازانجی میللەتی تورک کۆیلە بکات و کۆماری تورکیای لە ساڵی 1923 لە سەر بناغەی داهات و هێزی ئینسانی ئەم دوو نەتەوەیە بنیات نێت . بەر چاو ترین فیداکاری ئەو بۆمیللەتی تورک ،یەکلایی کردنەوەی کێشەی دامەزراندنی دەوڵەتی تورک بوو ، کە زۆر زیرەکانە کوردی لەو دەسەڵات و هیژمونیە بی بەش کرد .خزمەتەکانی بۆ تورک ئەوەندە زەق و بەر چاو بوو کە نازناوی باوکی تورکیان (ئاتاتورک ) پێی بەخشی .مستەفا کەمال تیزی " یەک نەتەوە و یەک زمان "ی داهێنا و لە بڵاڤوک و ڕادیوی سەر دەم بە چاک ترین شێوە جاڕیان بۆ دا و بڵاویان کردەوە . ئەم تیزە پاشان وەک ئامێرێک بە مەبەستی بووردومانی مێشکی شارۆمەندانی کورد ، لە ئاستی بەرز و نزم و لە پاڵ سیستەمی داگیر کردن و کولونی کردنی ناوچە کوردنشینەکان، کەڵکیان لێ وەر گرت . ئاتاتورک تازە بە دەسەڵات گەیشتبوو کە لە ساڵی 1924 زمانی کوردی بە یەکجاری قەدەغە کرد . شێوە نوسینی عەرەبی-- تورکی لابرد وخەتی لاتینی هێنایە مەیدان، کە بەو بڕیارە زمانی کوردی دوو جار توشی داڕمان و هەرەس هات، و هەموو گەنجینە کلاسیکە کانی کوردی کەوتە پەراوێزەوە و هیواش هیواش بۆ زۆر تر لە حەفتا ساڵ زمان و هەستی" نەتەوایەتی" کوردی کوشت . ئاتاتورک داهێنەری شێوەیەک لە ستڕاتیژی بوو کە دەیویست کۆماری تورکیا لە ژێر خەروار خەروار شکست و بی ئاسۆیی ڕزگار بکات .توانی بولغاریەکان ،ئیرانیەکان، یونانیەکان وعەرەبەکان کە هەرکام بەشگەلێکی تورکیایان داگیر کردبوو بە شەڕ و پێکدادان لەو وڵاتە دەر کات ، و ئاڵای تورکیا لە سەر بەرزایی کێوەکان داچەقێنیت و ئیستا ئەو ئاڵایە وەک ڕەمزی سەرکەوتنی" تورک" هەر دەشەکیتەوە . ڕەنگە کەسانێک پێیان وابی کە هەموو دەسەلاتەکە ئەو خولقاندی ،بەڵام جەوهەر و ناوەڕۆکی ئەو دەسەڵاتە بە متمانە سەندنەوە و بوردوومانی مێشکی تاکی کورد لە بوارێکی بەر فراواندا ڕووی لە گەشە کرد . پەیمان ، بە ڵین و وەعدەکانی بە ڕێبەرانی ئەو کاتەی کورد، لە پێناو ستڕاتژی دامەزراندنی کۆماری تورکی بوو کە لەو پڕۆسەیەدا سەرکەتوانە پێش چوو و هەمووکۆسپ و لەمپەرێکی زانایانە لابرد . ئاتاتورک تا ئاخرین کاتەکانی ژیانی و لە پیناو بەختەوەری تورک و کۆماری تورکیا خزمەتی کرد و پاشان پیری و مەسرەف و خواردنەوەی لە ڕادە بە دەری" مەی و ئەلکۆل" خانە نشینی کرد ، کە باری

تەندروستی ئەوی  بەرەو ئاقارێکی ترسناک برد وئەم فاکتۆرانە پاڵپێوەنەری ژیانی بەرەو کۆتایی بوو.  ئەو سیستەمێکی دامەزراندبوو کە ئەرمەنیەکان و کوردەکان بە خۆڕایی خزمەتیان پێدەدا.

ئێمەی کورد چ پێمان  خۆش بیت و ج پێمان تال بیت ڕەزا شا* و ئاتاتورک بە کۆیلە کردنی نەتەوەکانی تر و لە خزمەت دوو نەتەوەی فارس و تورک ئەو پەڕی  فیداکاریان کرد وسەنەد و دیکۆمێنتی مێژوویی هەیە تا ئەم راستیانە بسەلمێنیت .خۆزگە ڕێبەرانی ئێستای کورد بە قەدەر و لە ئاستی ئەوان  ڕۆحیەی خزمە تکردن و هەستی نەتەوایەتی بە هێزیان هەبوایە !  زۆربەی سە رخان و ژێرخانی ئابوری تورکیا، بە ناوچە کوردنشینەکانەوە گرێی خواردووە .هەموو بڕیارەکانی حکومەتی تورکیا بە ڕواڵەت لە لایەن ڕئیس جمهور ، سەرۆک وەزیران و پارلمانەوە دەگیردرێت بەڵام  وا  نیە ، بەڵکوو هەموو هەڵویست کان لە لایەن کۆمیتەی ئاسایشەوە کە پێنج ژنراڵی نیزامین دەگێردریت وئەو تاقمە بڕیار دەدەن. و چارەنووسی کوردیش ئەوان دیاریان کردووە.شوڤینیزم بە سەر رای گشتی تورکیا و سەرکردەکانی زاڵە .کۆمیتەی ژنراڵەکان خوازیاری بەردەوام بونی شەڕ لە کوردستانە چونکوو دیموکراسی مافی هەناسە کێشانی نابێت و دیکتاتوری بە تەمەنی خۆی درێژە دەدات  و ئەوان هەر خاوەن دەسەڵات و تورکیش خاوەن حکومەت دەبیت . ناوچە کوردنشینەکان لە دواکەوتوی سەر سوڕ هێنەردا ڕاگیراوە. سیستەمی تورکی هەموو داهاتە کان و نەوت لە ناوچە کوردنشینەکان  کونترۆڵ دەکات .بودجەی داپلۆسانی ناوچە کوردنشینەکان زۆر زۆرە و لە ئەژمار نایەت.سیستەمی جاسوسی بۆ خزمەت بە حکومەتی تورک بیداد دەکات ،هەر دێ،شارۆچکە و شارێکی کورد لە شوڤار،سیخوڕ، هەڵخەڵەتاوی کورد پڕە و بەرد بۆ سەگ هەڵگرە لە جاسوس و چڵکاو خۆر دەکەویت . سیستەمی جاسوسی لە سنورەکانی دەستکرد، لە ئاستێکی باوەڕ پێ نەکراو و ترسناکدایە و دژی کورد هەلدەسوڕن.

حیزبی کۆمونیستی تورکیاکە زۆربەی ئەندامەکانی کوردن، هەر  وەک پان ئیرانیستەکان . موجاهیدین و چەپە توند ئاژۆکانی ئێران،شا خوازەکان ،حیزبی شیوعی عێراق و سووریا نیشتمانی یەک پارچەیان دەویت و پێکەوە ژیانی نەتەوە زولم لیکراوەکان، لە گەڵ نەتەوەی خاوەن حکومەت جاڕ دەدەن و" ستڕاتژی خۆیان لە سەر پێکەوە ژیان بە هەرنرخ و قیمەتێک و پاراستنی سنووری داگیر کەران" داناوە . ئەم ڕێکخراوانە لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست ،بونەتە پاسەوانی ئەو کۆت و بەندە قورسانە کە کوردیان تێدا زیندانی کردوە .ئاماژە بە پۆلبەندی ئاکار و کردەوەی داگیر کەران پێویستە و دەتوانین ئاوا بەکورتی باسی  کەین:

- تیروری نهێنی و ئاشکرای خەباتکارانی کورد
- داسەپاندنی دیکتاتوری خەست و خۆڵ و قەبوڵ نە کردنی بیری جیاواز
- نە پاراستنی توزقاڵێک دیموکراسی بۆ شارۆمەندانی کورد
- پەرە پێدان بە سیستەمی ترسناکی جاسوسی لە هەموو ناوچە کوردنشینەکان .

- پەرە پیدان بە  بیکاری و تالآن کردنی سەروەت و سامانی ناوچە کوردنشینەکان و دەستە بەر کردنی هەل و مەرجی هەژاری، کە لەم سیاسەتەدا دەتوانن تاقمێکی زۆر بە کرێ گیراوی کورد بۆ ئامانجە گلاوەکانی خۆیان ڕێک خەن و دژی  بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد شەڕیان پێ بکەن.
- ڕا گرتنی زۆرە ملی ناوچە کورد نشینەکان لە دەورانیکی کۆنی بە سەر چوو ،خێلەکی ، عەشایەری و دوور لە شارستانیەت.
- زیندوو کردنەوەی خورافات و بارەگای دەرویش،سۆفی، خانقاو شێخ

- بوردوومانی مێشکی تاکی کورد بە هەزاران شێوەی دیار و نادیار
- تیکۆشانی ناڕاستەوخوی داگیرکەران بۆ ئەوەی کە حیزب و ڕێکخراوە کوردیەکان دیواری حیزبیان تا ئەو ئاستە بەرز کەنەوە کە بە هێچ شیوەیەک هاوکاری ،ڕیک کەوتن و پلاتفورمێک بۆ ئازادی و ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی واژوو نەکەن.
- سوکایەتی و شکاندنی کەرامەتی تاکە تاکەی کورد  لە ژێر ناوی "جیاخواز" کەخوازیاری تێکدانی قەوارەی نیشتمانی یەکپارچە ن ، و دەیانەویت لە نیشتمانی ئازیز جیا بنەوە.

## شێواز و فورمی بزووتنەوە ی جەماوەری لە باکووری کوردستان!

ئیستا  خەباتی ئاشکرای خەڵک فورمی دیموکراتیک و مودێڕنی وەرگرتوە.  و جگە لە چەپ ئاژوویی هەندی گەنجی کەم تەمەن و کەم ئەزمون، ڕەوتی ڕووداوەکان ئاسۆیەکی گەش و سەرکەوتوانە بەر چاو دەخەن ، و ئاقارێکی پێشڕەوانە ڕچاو دەکەن . ئێستا خەباتی پیشمەرگانە و خەباتی جەماوەری گەلی کورد لە باکوور بەرەو فازێکی تازە، ملی ناوە ، کە ڕەنگە و پی دەچێت ڕێگای تێکلاوێک لە خەباتی کلاسیک  (پێشمەرگانە) و خەباتی مودێڕن ( دیموکراتیک ) هەڵبژیریت  و بە باری شیاو و مەنتیقی  خۆیدابشکێتەوە . و  داگیر کەرانیش ناچار دەکات تا شکڵ و شێوازی سەرکوت و تاکتیکیان بگۆڕن . لەم قۆناغە هەست یارەدا پێویستە و زۆر گونجاوە کە ڕێبەرانی کورد ، حیزبەکان  و پێشڕەوانی بزووتنە جەماوەریەکان خۆیان بۆ ئەو شەڕە قورس و دیاری کەرە ئامادە و تەیار کەن . و پی دەچێت شەڕەکە بۆ سەر مێزی دیالۆگ و گفتو و گۆ  بگوازریتەوە. کە ئەزمونی تا ڵ و دڵتەزینمان لە و بابەتانەوە هەیە.نمونە دیالۆگی  دوژمن لە گەڵ بە ڕیزان: سمایل ئاغا و دوکتور قاسملوو ... کە نامرۆڤانە هەر دووکیان لە سەر مێزی وتوویژ و بە دەستی شوڤینیستەکان کوژران .بەو هیوایە کە  وەک جاری جاران نوێنەرانی کورد لە مەیدانی دیالۆگ و وتوویژ  شکست نەخۆن ، و ئاگایان لە ئەم هەل و مەرجە ناسکە بێت کە چارەنوسی هەژارانی کورد دیاری دەکات . مێژوو چاوەڕوانە تا چۆن سەبارت بەم شەڕە لە لاپەڕەکانیدا دیکۆمێنت کۆ کاتەوە و بینووسێ و تۆماری بکات.

## خەباتی جەماوەری ئەمڕۆ!

بزووتنەوەی جەماوەری و مەدەنی بۆ گەلی کورد زۆر هیوا بەخش و مایەی ئومید و ئامێرێکی شیاو، و مودیرنە . کە تا ئیستا هەنگاوی گرانبەها و بە نرخی هەڵگرتوە .ماسمیێدیای جیهان هەموو رووداوەکان کەم تا کورت بلاو دەکەنەوە و ناتوانن وەک جاران سکوت کەن . ئەمە چەشنێک لە پڕوپاگاندەی پوزیتیڤ بۆ پرسی کوردە . ناکرێت هەمیشە خەباتی چەکداری کە ماسمیێدیا و بیر و ڕای گشتی نرخێکی وای بۆ دانانێت بەسەر خەباتی دیموکراتێکی ناو شارەکان کە بەر فراوانتر و زۆر کاریگەر ترە فەرز کەین . خەباتی پێشمەرگانە لایەنی ناکارامەی کەم نیە، بەڵام خەباتی دیموکراتێکی شارەکان لایەنی کارامەی زۆرە . خەباتی دیموکراتیکی ناو شارەکان ڕەنج کێشی کورد پێش دەخات و ڕادەی هوشیاری بەرز دەکاتەوە .خەباتی دیموکراتیک و نافەرمانی مەدەنی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕەوتی گونجاو و پێشڕەوی هەیە، ئەگەر کۆ مە ڵە و دیموکرات ئەو ڕەوتە بە خاتر بەرژەوەندی حیزبی تێک نەدەن، گەشە دەکا ولە بار ناچێت . نافەرمانی مەدەنی و خەباتەی شارۆمەندانی کورد لە ئێران سەرجەم و ڕاستەوخۆ بە قازانجی کۆمە ڵە و دیموکراتە .تیگلانی ناشیانەی حیزبەکان لە ناو ئێعترازە مەدەنی ودیموکراتیکەکان ،بۆ کۆمە ڵانی خەلکی کورد قازانجی نیە و کۆسپی گەورە یان بۆ دروست دەکا.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان مانگرتنی بەند کراوە سیاسیەکان ماوەی نزیکەی 47 ڕۆژی،خایاندکە لە مێژووی سەردەمدا ڕچەیەکی تازەیان لە خەباتی جەماوەریدا شکاند . بەندکراوە سیاسیەکانی کورد لە زیندان و گرتوخانە تاریکەکانی ئێران ، تەنیا بە چەکی ئیمان و لە شەڕی مان و نەمان وبە ئیرادەی پۆڵاین توانیان بیر و ڕای گشتی جیهان بۆ لای پرسی کورد ڕاکێشن.و مزگێنی ئازادی و سەر بەستی بە خەڵکی کورد بدەن . خەباتی جەماوەری بە بۆنەی کوشتنی شوانەی قارەمان لە کوردستانی ڕۆژ هەڵات هەموو شارەکانی وەک لافاو گرتەوە . لە باکوری کوردستان ، جەژنی نەورۆز وەک دەربڕینی ناڕەزایەتی سەبارەت بە سیاسەتی حکومەتی فاشیستی تورکیا ، زۆر شکۆدار و بی وینە بوو. ژنان لە کۆ مە ڵگای دوواکەتووی کوردستان قوربانی ،سەرکوت و غەدریان لێ چوە وهەمیشە بە بارمتە گیراون . بەشداری و خاوەنداریەتی ژنانی تێکۆشەر لە بزووتنەوە جەماوەریەکانی کوردستانی باکوور فاکتۆرێکی کاریگەر و بە هیزە، کە کێشەی کوردی بردوتە ئاستی ماسمیێدیای تورکیاوە ،کە هاو کات ئاوینەی باڵا نوێنی بەر تەسک کردنەوە و کز کردنی" پیاو سالاریش" بوو. ئەم بزووتنەوە دیموکراتیکانە ،خوازیاری حەللی پرسی کورد، بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانەیە و ناوەڕۆکی پێشکەوتوانە وڕادیکاڵ و عەدالەتخوازانەی هەیە. .دامەرزاندنی کۆمە ڵکایەکی عەداڵەتخواز بە ناوەڕۆکی سیکۆلارەوە مزگێنی دەدەن . ڕیپێوانی بەر بڵاو و هەمە لایەنەی خەڵکی کەرکوک بۆ چەسپاندنی ماددەی 140 ، یەکیک لە یادگارە سەر کەوتوەکانی کوردە . کە لە لایەن مێشک ڕەق هەڵاتوەکانەوە تەقەیان لیکرا وچەند کەسیش گیانیان بەخت کرد . جەژنی

نەورۆز لە قامیشلی وعفرین و ... نمونەی بەرخودان و دەبڕینی ناڕەزایەتی سەبارەت بە سیاسەتی حکومەتی سوپڕ سوسیالیستی ؟؟ سوریا بوو .

## ئامریکا!

ئامریکا بە دوای بەرژەوەندیەکانی خۆیەتی و حکومەتێکی خاوەن دەسەڵات و فرە دەوڵەمەند. ئەگەر سەرمایە ، کارتل وپلانەکانی زەرەر بکات ، سیاسەتی ڕۆژانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت . لە دونیای گلوبالی ئەمڕۆدا ،سەرمایە بە شوێن دەسەڵات، بازاڕی فرۆش و پترۆلی خاو(نەوت) وێڵە و هە موو کۆسپەکان بە خوین ڕشتن لە ناو دەبات .ئێستا سیاسەتەکانی ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دژی تیروریزم و پلان و نەقشەکانیانە. لە هەمان کاتدا حازرە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی لە گەڵ مە لاعومەر( ئەفغانستان) و مەلاعەلی خامنەیی(ئێران ) لە سەر مێزی موزاکرە دانیشێت و دیالۆگی هەبێت . سیاسەتی ئێستای ئامریکا تا ڕادەیەک دژی ،دوژمنانی کوردە و ئەم دیاردەیە باش و پۆزیتیڤە. بەڵام بێگومان هەژارانی جیهان دژی سەرمایە ڕادەپەڕن و چارەنوسی خۆیان دیاری دەکەن و سیستەم و حکومەتگەلێکی سیکۆلار ، دیموکراتیک وعەدالتخواز دادەمەزرینن . لە هەمان کاتداڕێگا بۆ دامەزراندنی کۆمەلگایەکی پڕ لە دیموکراسی و ئازادی دەستە بەر دەکەن. وئامریکا ڕۆژێک لە ڕۆژان ناچار دەکرێت بۆ سنورەکانی خۆی بگەڕێتەوە. لەو قەناعەتەدام کە حیزبە دڵسۆزکان و ڕێبەرانی خۆشەویست و جێگای متمانە جەماوەرئ خەڵک دەبی نرخی زۆر بۆ پەیوەندیە بازرگانی، سیاسی و دیپلۆماتیکەکانیان لە گەڵ داگیرکەران دانین ، چونکوو کاناڵی دیالۆگ کە ئامێرێکی دەورانی گلوبالیزمە. بۆ کورد زۆر هەستیار ، پۆزیتیڤ و شیاوە. هات و چوو ،تێگەیشتن و گفتوگۆ لە گەڵ نەیارانی کورد لە سەردەمی ئێستادا نرخی کەم نیە و بگرە زۆریش پێویستە .بەڵام هەر جەشنە پەیوەندیەک لە گەڵ داگیر کەران دەبی ،کەرامەت وبەرژەوندیەکانی کورد بپارێزیت و ڕێگا بۆ ڕزگاری نەتەوەی کورد دەستەبەر بکات .

خەباتی بەر فراوانی دیموکراتێک!

هاتنی ئامریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، پیلان و دەخالەتی ئێران ، سوریا ،تورکیا و وڵاتە عەربیەکان ناوچەکەی ئاڵۆز کردووە .کۆ مە لگاکە، لە سەر ڕەوتی نورمالی خۆی پێش ناچێت . ئەرکەکانی خەباتی گەلی کورد بۆ ڕزگاری قورس تر بوە .گەشە ی تکنیک تا ڕادەیەکی زۆر خەباتی پێشمەرگانەی بەر تەسک و دژوارتر کردووە.پێشمەرگە وەک جاران ناتوانی هەڵسوڕێت و جەولە بکا . هەر ئەوەندە بەسە کە دوژمن موبایلی پێشکەوتوو بە سیخور و بەکرێگیراوانی بدات تاجموجوڵی پێسمەرگە کونترۆل و مەیدانی هەڵسوڕانیان بە ئاستی لانی کەم بگەیەنێت .شنەی گۆڕانەکان لە تورکیا دەستی پێکردووە . پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ،لە پوتانسیلی خەباتی دیموکراتێکی ناو شارەکان وهەروەها کوردی دیساپۆرا**(کوردی پەنا بەر ) ، کەڵکی شیاو وەر دەگرن و جێ خۆیەتی ڕێبەریی پارتی کرێکارانی کوردستان قورسایی و وەزنی

سیاسی زۆر تر بخاته سەر خەباتی بەر فراوان و مودێرنی شارەکان . جونکوو دوژمن مەجال و دەرفەتی مەحدوود و بەر تەسک دەبێتەوە و ناتوانی بە ئارەزووی خۆی بو سەر پێشمەرگە قارەمانەکانی چیای قەندیل هێرش و پەلامار ڕێک بخات .هێزی دوژمن بۆ کونترۆڵی شارەکان ئەسیر دەبێت و هیزی پێشمەرگەش لە فورمی ئارایشی دیفاعی رزگاری دەبێت .لەم حاڵەتەدا هیزی پێشمەرگە و کادیرەکان نا ڕاستەوخۆ زەمانەت دەکرێن و میزانی خەسارەت و گیان لە دەس دانی ڕۆڵەکانی کورد بە کەمترین ئاستی خۆی دەگات . و بە پێوەرەکانی شەڕی پارتیزانی و ئاکادیمیای نیزامی ئەم فازە بۆ هیزی پێشمەرگە سەرکەوتنە ،و لە هەمان کاتداپێشمەرگە هیزەکانی لە هیرش و پەلاماری پەیتا پەیتای دوژمن پاراستوە . تۆڕی جاسوسی جمهوری ئیسلامی و تورکیا لە کوردستان بە ڕادەیەکی ترسناک گەیشتوە ،ودوو حیزبی پێک هێنەری دەولەتی هەریمی کوردستان کە جاران دەروازەی ڕێکخراوەکەیان وەک ئاسن و پۆڵا وابوو ،ئێستا لە لایەن جاسوسەکانەوە تێک شکاوە . لە بزووتنە و خەباتی بەرفراوانی جەماوەری ، جاسوسەکان وەک خەتی مایل (ستوونی پێنجم ) بۆ دوژمن زانیاری دەگوازنەوە و بە نهێنی و بە کامێرا هاوکاری دوژمن دەکەن،بەڵام لە لایەن خەڵکەوە بە زوو ترین کات دەناسرێن و دەستگیر دەکرێن .گومانی تێدا نیە تورکیا لە میتینگەکانی کوردی باکوور بە شیوەی نهێنی جاسوسی زۆری سازمانداوە و ڕیک خستوە . لە شەڕی نەورۆزی خویناوی ساڵی 1979 شاری سنە نمونەی ئەم ڕەوتە،خۆی نیشان دا و خەڵکی ئازادیخواز و قارەمانی سنە جاسوسەکانیان دەستگیر و تەحویلی هیزی پێشمەرگەی کۆ مە ڵە یان دەدا .ئەو ئاسان کاریانەی خەڵکی سەربەرزی سنە ، یارمەتی کۆ مە ڵەی دەدا تا لە بەرێوە بردنی ئەرکەکانی سەرکەوتوو بێت وپێشمەرگەکانی کۆمە ڵە ،توانیان لاپەڕە پڕلە شانازیەکانی مێژووی سەردەم بنووسن . ئەرکی مێژوویی حیزبە کوردیەکانە کە پەیوەندی نێو دەوڵەتیان زۆر تر بکەن و ئاست و میزانی پڕوپاگاندەیان بە نسبەت فیکری زاڵی شوڤینیزمەوە زیاد کەن تا ئەو بیر و بۆچونە بەرەوێتەوە.بڵاو کردنەوە ی زانیاری سەبارەت بە پرس و کێشەی کوردکە لایەنگری دیموکراسی و ئاشتیخوازە،لە قۆناغی ئێستادا گرانبەهایە .

26 10 2008

## ئاماژە و ڕوونکردنە:

*ڕەزا شایش لە ساڵی 1924 زمانی کوردی قەدەغە کرد .و لە مەدرەسە گەورەکانی کوردستان تابلۆیەک داکوترابوو و لە سەری نوسرابوو " بە فارسی قسە بکەن "!

**دیساپۆرا- بە کوردی پەنا بەر دەگوتریت ، کە لە تاراوگە پرژ و بڵاون . و بەو جولەکانە دەگوترا کە لە دونیادا ، بە بێ ئارەزوی خۆیان، بڵاو کرابونەوە.لەم فینۆمنەدا،شێوە لیک چونێک لە نێوان کورد و جولەکەدا ،هەست دەکرێت .